# فره ژنی ڕێز و شكۆیه بۆ ئافرەتان

[ kurdish – كوردی – كردي ]


## شێخ محمد جمیل زینو

**وەرگێڕانی: ئومێد عمر چرۆستانی**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2014 - 1435

IslamHouse.com

# تعدد الزوجات تكريم للمرأة

« باللغة الكردية »

محمد بن جميل زينو

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# فره ژنی ڕێز و شكۆیه بۆ ئافرەتان

سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

یەکەم : ئاینی پیرۆزی ئیسلامی دانا وکارزان کە فره ژنی ڕیگا پێداوە، بێگومان لە بەرژەوەندی ئافرەتان ئەو کارەی کردووە پێش بەرژەوەندی پیاوان، بۆ ئەوەی سەرپەرشتیار بۆ کچانی هەتیو بێوەژنی بێ سەرپەرشت بدۆزێتەوە، و ژیانێکی شەرەفمەندانە و خۆشگوزەرانیان بۆ دابین بکات لە ماڵی نوێی پیاوەکانیاندا، لەبری ئەوەی کە سەربار و گرفت بن بەسەر برا و کوڕ و کەسانی تریشەوە .

دووەم : دژایەتی کردنی فره ژنی، خۆی لەخۆیدا بانگەشە کردنە بۆ بنەبڕکردنی نەوەکان، کە دوژمنانی ئیسلام هەوڵی بۆ دەدەن بۆ ئەوەی ژمارەی موسڵمانان لەو ڕێگایەوە کەم بکەنەوە، وپاشانیش بتوانن دەست بگرن بەسەر وولاتیاندا، هەروەك دژایەتی کردنی فرەژنی دەبێتە هۆی زۆر بوونی ڕێژەی قەیرەی کچان لەناو خێزانەکاندا، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا هۆکارێکە بۆ

بڵاو بوونەوەی فیتنە و فەساد و زینا لە نێو کۆمەڵگەدا، چونکە بە پێی ئامارەکان ڕێژەی ژنان زۆر زیاترە لە ڕێژەی پیاوان، بە تایبەت لەو کاتانەدا کە پیاوان دووژاری جەنگ و کوشتار وشەڕەکان دەبنەوە، هەر بۆیە دەبینین لەووڵاتێکی وەك ئەڵمانیادا پاش جەنگی جیهانی یەکەم ئافرەتان خۆپیشاندانیان کرد وداوای یاسای فرە ژنیان دەکرد بۆ ووڵاتەکەیان .

سێهەم : فرەژنی بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا زۆر گونجاوە، چونکەهەموو گەلێك بە ژمارەی دانیشتوانەکەیەوە بێ هێزی و هێزداری هەڵدەسەنگێنرێت، تا ژمارەیان زیاتر بێت لەنێو گەلاندا بەهێزتر دەردەکەون، بێگومان جەنگ وشەڕە نەخوازراوەکانی جیهانی ئیسلامیش لە هەر یەك لە ئەفغانسان و فەلەستین و عێراق و بۆسنە وهێرسك و کشمیر و ووڵاتانی دیکەی تریش هۆکارێك بوون بۆ دابەزینی ڕێژەی پیاوان و بەرز بوونەوەی ڕێژەی بێوەژن، بە تایبەتی ئەو ئافرەتانەی لەو جەنگ و کوشتارانەدا پیاوەکانیان لەدەست داوە، بێگومان ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش داوا لە موسڵمانان دەکات هەروا بە ئاسانی دەست بەرداری ئەو ئەو ئافرەتانە نەبن بیاندەنە دەست برسێتی وفیتنە و فەساد وخراپەکاری، هەر بۆیە ڕێگای داوە بە پیاوان زیاتر لە ژنێکی بهێنن ..

چوارەم : یەکێك لە سەرکردە وئافرەتە ناودارەکانی جیهان بە ناوی ( ئەنی بیزانت ) ئەڵێت : هەرکاتێك ئێمە بە تەرازووی دادگەری ڕاستەقینە کاروبارەکانمان پێوا بۆمان دەردەکەوێت کە فرەژنی ئیسلامی زۆر کارێکی باشتر وگونجاوترە لەو داوێن پیسیەی کە ڕۆژئاوا ڕێگای پێداوە، تەنها بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی، کاتێکیش ئارەزووەکانی خۆی لێ تێر کرد فڕێی دەداتە سەر شەقام وبێ کەس بەجێی دەهێڵێت .

ئەمەی ئاماژەمان پێدا شاهیدی ئافرەتێکی بێباوەڕە لەسەر دروستی و ڕاستی فرەژنی لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، فەزڵی ئەم ئاینە پیرۆزەیش لەوەدایە دوژمنانی شاهیدی پاکی بۆ دەدەن ..

وصلی الله وسلم علی سیدنا محمد وعلی اله وصحبه وسلم

سەرچاوە : کتێبی : تکریم المرأة فی الإسلام

نووسینی : محمد جمیل زینۆ